

# غیابنامەی کابەڕێوەبەر و تێچووی ئاڵی بوونی کایوونس!

**د. ئەحمەد ئەحمەدیان**
**(مەهاباد)**

لەیەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم، وەک مامۆستای دەرسوێژ، لە ئاوایی "شۆخ- جەل"ی شارئاوەدان، هاوکارەکانی ساڵی خوێندنی نوێم دۆزینەوە و بەسەرم کردنەوە. پێش ئەوە، ڕوانگەی من بەرانبەر بە قوتابخانە و ساڵی نوێی خوێندن و ئەم باس و بابەتانە زۆر جیاواز بوو، ئاخر هەر وەک ئێستا ئاماژەم پێ دا بۆ من ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لە هەوەڵین ڕۆژ، لە هەوەڵین ساڵی مامۆستایەتیمدا ڕووی دا. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان، بە وتەی ئەم هاوڕێ نوێباوانەم، دوومانگ لەمەوبەر بەهۆی ڕووداوی پێکدادانی ئوتووبووس لە نێوان شەقامەڕێی "تاران- شارئاوەدان"، جەستەی بەتوندی ئازاری پێگەییبوو و دۆخی لەشساغییەکەی کەوتبووە مەترسییەوە. لە سەرەتای ڕەزبەر تا کۆتایی وەرزی پاییز بێ بەڕێوەبەر بووین و قسەی خۆمان بێ و لەنێوخۆمان دەرنەچێ چ پەکمان لەسەر هەبوون و نەبوونی بەڕێوەبەر و مەڕێوەر نەکەوت و بۆخۆمان گشت ئیشەکانمان تێدەپەڕاند- ببوورن: "ڕادەپەڕاند"- ؛دوای ئەو ماوەیە کابرایم ناوێکمان لێ پەیدابوو و لێمان وەژوورکەوت کە گوایە بەڕێوەبەری گۆرینمان ئەم مام میرزایەیە. بەڕواڵەت هەتا خوا حەز دەکا مرچ و مۆن و نەدوێن و ڕەزاگران و بێ دمو دوو دیار بوو، هەرامەیەکی ئاماڵ- پشتێنبەندیان لە ملی خستبوو، پەرژینێکی بەگوڵ بێ هەر دەتکوت هەرامەی گۆرینە کە دیارە واباشترە بڵێم: ئێستا ناوەکەیم لەبیر نەماوە. کاتی قسەکردن لەگەڵ هەرکەس، دەبوو ڕووی تەواو بۆ لای ئەو کەسە وەرگێڕێ، هەر دەتگوت "فارس وتەنی" ئادەم ئاهەنییە و بە قەوە و باتری کاردەکا و هەڵدەسووڕێ!

چاکەتێکی ڕەشی تاناکۆڕایی گەورەتر لە جەستە و کێشی خۆیشی لەبەردابوو کە شان و شەپیلکی لای چەپەی بەتەواوی داچۆڕاندبووە خوارێ و دیاربوو ئەو "کۆت"ـە " جلێک نەبوو کە پڕ بەشان و بەژنی ئەو "کابرا ماقووڵە"دروابێت و بڕابێت!بەڵام ئەگەر لەحەق لانەدەین، دوایە وردە وردە وەدیارکەوت کە کابرایم، کاکڵ و توێکڵ و ڕواڵەت و حاڵەت و لانی ژوورەوە و دەرەوەی- وەک زۆر دیاردەی تر و وەک تاقمێکی زۆر لە بنیادەمەکان- لێک جیاواز و لەیەک نەچوو،

تەنانەت ناتەبا و دژاودژە.مەبەست ئەوەیە کە کابرایم پیاوخاسێک بوو، بەڵام پێچەوانە دەهاتە بەرچاوان!

ئێستا مانگێک تێنەپەڕیبوو کە کارەحیمی هاوکارمان کە مامۆستای ئەدەب بوو- بەهەر دوو مانای ئەدەبەوە- دوور لە گیانی، سووکە هەڵامەتێکی وای پێوەنووسا کە ئەو پیاوە بە بەژن و باهۆیەی لە هەردێ ڕاکێشا و نەهاتەوە بۆ قوتابخانە. کابرایمی بەڕێوەبەرمان بەبێ یەک و دوو نووسراوی غیابی بۆ بەرێ کردە فەرمانگەی پەروەردە.دوای دووڕۆژ کە هاوڕێی هەڵامەت- وێکەوتوومان هاتەوە، نێوچاوانی غەزەبی خودای لێ دەباری و زۆری بەسەر بەڕێوەبەرماندا گوراند و بۆڵاند و گلە و گازندەی توندی خۆی ئاراستەی کرد. کابرایم کە کابرایەکی ساردوگەرم چێشتووی بەئەزموون و لە کڵ دەرهاتوو بوو، لەسەرەخۆ گوتی: زۆر باشە، زۆرباشە، مەرج بێ لەمەودوا بۆ کەس نووسراوی غەیبەت بەرێ نەکەم! بەڵام، بەڵام! بەمەرجێک! لەمەودوا هەرکەس غیاب بوو، کەدیارە پتروپتر بەهۆی ناساغی و نەخۆشییەوەیە، هەر ئەوێ شەوی دادێ بۆ سەردان و نەخۆش بینین! ڕێک ڕێک لەکاتی شێوخواردندا، گشت هاوکاران لە ماڵە هاوڕێ خۆشەویستەنەخۆشەکەمان یەکتر دەبینین! هەر کەسیش بەشداربووی ئەو سەردانە نەبێ، هەر لەو کاتەدا و هەر بەو بۆنەیەشەوە، شەوی دواتر دەچینە سەردانی ئەو؛کابرای کەمتەرخەم چ عوزری هەبێ و چ عوزری نەبێ، عوزر و موزر کاتی وا پاکی دەشۆردرێنەوە!

ماوەی دووحەوتوو تێپەڕی و کایوونس کە پیاوێکی بنەماڵەخۆشەویست و دوور لە گیانی ئاڵی بوو و مامۆستای دەرسی "دین و ژین"بوو لەپڕدا پێڕاهات و نەخۆشی گۆرین وای دۆخی لەشساغییەکەی تێک دا و گۆڕی کە بیری کفن و گۆڕی بەدڵ و زەینیدا دەهات و بیری ختووکە دەدا و هەر بەو هۆیەوە نەهاتەوە بۆ قوتابخانە.کابرایمی بەڕێوەبەرمان گوتی: جا کوڕەکان لەمنتان کەوێ بەپێی بەڵێن و وادەی بڕیاردراوی پێشوومان، ئێوارێ لای بانگی شێوان لە گردی تەنیشت قەبرستانی کۆن چاوەڕێتانم، تا لێکڕا بچینە سەردان و نەخۆش بینین!

ڕێک لە کاتی دیاریکراودا تێکڕای هاوکاران خۆیان گەیاندە کابەڕێوەبەر، بەم تەوفیر و جیاوازییەوە کە کارەحیمی زەبر وێکەوتوو، پێش هەموومان، تەنانەت پێش کابەڕێوەبەریش، خۆی گەیاندبووە ئەم شوێنە و بە ژێست و فیگۆرێکی لێبڕاو و مافخوازانەوە لەوێندەرێ وێستابوو!

دوای کاتژمێرێک و نیو، بەهۆی شارەزا نەبوونمان، ماڵە کایوونسمان دۆزییەوە و کە دەقولبابمان کرد، کایوونس لە نهۆمی سێیەمی ئەو قەڵا و باڵاخانە خوار و خێچ و چەپرەک و چووکەڵەیە کە لەسەر تەپۆڵکەیەکی ڕا دەیڕوانییە کۆڵانی خوارەوە و دەتکوت "ماڵە کایوونسانە" کە بە تەنیا لە ئاوەدانی دوورخراوەتەوە، ئەلەو سەرە ڕا خەریکی خۆتوندکردنەوە و پاتۆڵ بەستنەوەبوو؛ کە لە دەلاقەی نیوەکراوەی پەنجەرەکەڕا ئەو حەشیمەتە دوازدە نەفەرییەی بینی، دوای ئەوەی لەجێی خۆی ویشک ویشک هەڵگەڕا و چاوی وەک تای تەورداس و وەک لاتەرازووی لاسەنگ بەمۆلەق وەستا، هەوەڵ شتێکی وەبیرهاتەوە نەحسایەتی ژمارەی سێزدەبوو کە ئەو حەشیمەتە بە خۆیەوە - وەک "هۆکاری کۆتایی پێهێنەر"واتە:"علت تامە"- دەبوونە سێزدە و ئەو نەحس بوونە، وەک هەمیشەی خودا نەحەساوەیی بۆ ئەو بەدیاری هێنابوو. کاتێک بەلارولەنجەوە بە پەیژە خێچ و چەپرەک و چەواشە هەڵبەستراوەکانی ئەم قەڵاوباڵاخانە ئاماڵ- تاراوگەیەدا سەرکەوتین و چووینە نهۆمی سێیەم، کابرایم پێش سڵاو و مەرحەبا و چاک و خۆشی، بە دەنگێکی بەرز و نێرانەوە گوتی:

جا براژن گیان خۆت دەزانی کە ڕۆژەکان زۆر قوڵەن و بەخوا زۆر دەمێک نییە کە لەسەر نان و خوانی نیوەڕۆ هەستاوین و جارێ تا ماوەیەکی دیش برسیمان نییە و چ پەلەوهەلەیەکمان نییە، کابرایم ئەلێرەدا بەهۆی پشووسواری لە ئاکامی کەژەوانییەکەی کاتێک لەمەوبەر- ببوورن:"لەئاکامی پەیژەوانییەکەی کاتێک لەمەوبەر"- پشوویەکی دا و کایوونس و خێزانیشی پشوویەکیان وەبەرخۆهاتەوە و ئاوا تێگەیشتن کە کابەڕێوەبەر و هاوڕێیەکانی بە نان و پەنیر و کەرە، یان هێلکەوڕۆنێکی ئاسایی، یان ئەوپەڕەکەی بە هەردووی ئەم بژاردانە دادەمرکێن و هەرچی بێ، مەترسییەکە لەناوچووە و ئاوری کێشەکە ڕۆمرکاوە، هەتا ئەوکاتی کە کابەڕێوەبەر ئاوای درێژە بە قسەکانی خۆی دا و گوتی:

...جا براژن گیان ئەگەر فرووج و مرووج و گۆشت و مۆشت و کەلوپەلی پێویست لە ماڵێدا نییە، چ نابێ و چ نەبووە خۆ کافرستانی نییە. دیسان خەریک بوو کایوونس و خێزانی شاییان لە دڵیدا بگەڕێ کە کابەڕێوەبەر بەبێ پسانەوە و وەستان گوریسەکەی لێ کردنەوە خوری و درێژەی پێ دا و گوتی: نا، نا جێی چ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نییە، هەر ئێستا کا یوونس دەنێرین و جارێ لانی کەم تا کاتژمێرێکی دیش دوکان و بازاڕ هەرکراوەیە. کایوونس هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەبن خۆیەوە ویرەویرێکی ئاماڵ- ئازایانە و ناڕازیانەی لێ هات و من کە زۆری لێ نزیک بووم، گوێم لێ بوو کە دەیگوت: وەڵڵا ئەگە دەمزانی ئەو غەزەبانە شۆخی و مۆخی نازانن و هەرچی دەیڵێن لەسەری سوورن و وەڕاست دەگەڕێ، بە برانکاردیش (نەقالە) بایە خۆم دەگەیاندەوە قوتابخانە، دوای ئەو

ویرەویرە و دوای ئەوەی باجە خەراجاتی خێزانی ڕایسپارد و لیستی پێداویستییەکانی پێ سپارد، بەهەڵەداوان و بەبێ مـالاوایی لە مـاڵێ دەرپەڕییـە دەرێ و دوای کاتژمێرێک بە هانکەهانک و پشووسواری و بە کوڵێک کەلوپەل و هەرامەوە و لەدیمەن و ڕواڵەتی لۆرییەکی کە لە ڕادەی یاسـایی و ئاسـایی خـۆی پتـریان بارلێناوە، وەژوورکەوت!

نان وخوانی ئەوێ شەوێ دەوروبەری کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو ئامادەبوو، چون هاوڕێکان دوای چاوەڕوانییەکی زۆر گەلێکیان برسی بووبوو، تێر تێریان خوارد و کایوونس کە لە گشتمان ماندووتر بووبوو، هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی کە لێگدا لێگدا ئەوڕستـە حـەکیـمـانەی دووپات دەکردەوە: "ئەگەر نەخۆی ماڵە خۆت، بۆت دەخۆن خەنیمی خۆت!"، دەست و مەچەکی لێ هەڵ کرد و پارووی لێ بادا و بێدڵی خۆی نەکرد و تا عارەقی ڕەش و شینی کرد هەر گەدە و مەدەی ئاخنی و خواردی و نەکشاوە دواوە و بەرەگە و مـەتەرێزی چۆڵ نەکـرد و ورەی بەرنەدا، پاسـاویشی ئەوەبوو کە جیا لە خواردن و شیوەکە کە ئی خۆی بوون، مەدە و گەدەکەش هەر ئی خۆی بوو!

ئەوێ شەوێ بە قسەی نەستەق و فشە و پێکەنین و گێڕانەوە و وەبیرهێنانەوەی سەرلەنوێی ڕووداوەکان و چیرۆکەکانی ئەو چەند مانگەی قوتابخانە، شەومان شەق و شڕ کرد و ڕامان بوارد.

کاتژمێر دوو و نیوی شەو بوو کە لەو ماڵە ئاماڵ- تاراوگەیەرا گەڕاینەوە و بەرەو ماڵەخۆ بووینەوە و تا قاوەڵتوونی ڕۆژی دواتر کە هەینی بوو تخێل بووین.

پتر لە مانگ و نیوێک لە میوانی - ببوورن لە سەردان و نەخۆش بینینی- ئەوێ شەوێ ڕانەبوردبوو کە لە پڕێکی بەرەبەیانەی ڕۆژی شەممەی هەوەڵی ڕەشەمە دیتمان کایوونس بە کۆخە و پشمین و نکە و ناڵە و هاوار و ئاخ و ئۆفەوە و لە کاتێکدا کە ئاوی لووتی هەر دەتکوت شێرەی لەرەسمەچوو و بەڕەڵلای قوتابخانەیە و دووچاوی سوورهەڵگەڕاوی هەر دەتکوت گـۆمی خـوێنێیە، سەروپۆتەڵاکی وەدیارکەوت.

برواتان بێ تێکڕای هاوکاران لێکرا و هاوڕا لەگەڵ یەک و بەبێ هاوئاهەنگی پێشوو بە دەنگی بەرز کوتمان:

"کائالێ! ئەوە بۆ دەهاتێوە گەر ئاوا دەناڵی؟!"

کایوونس دوای چەند چرکەیەک و بێ دەنگییەکی مانادار، ڕێک وەک منداڵێکی کە کوڵی گریانی هەستابێ گوتی:

وەڵلا گەر ڕاستیتان دەوێ من خۆم لێبڕام کە نەیەمەوە، بەڵام ئەو زیڕووحە گورگ نەخۆرە - خەراجات ی دەڵێم، ببوورن شۆخ- لەیلای دەڵێم، لەبیرم چووبووە ڕایسپاردم کە لەمەبەولاوە لە لای خەڵکی بە نێوی نوێی نێوی بێنم بۆئەوەی لەلایەکەوە نێودێر بێ و لەلایەکی تریشەوە خەڵک وردەوردە ئاگاداربن کە خات خەراجات نێوی گۆڕیوە و بووەتە شۆخ- لەیلا... ئەرێ ئەوەم دەکوت هەر شۆخ- لەیلا - کە زانی ئێجگار سوورم لەسەر ئەو بڕیارەم و لێبڕاوم کە نەچمەوە قوتابخانە، هەر دوابەدوای ئەوەی زمانم سووتا و بەڕاشکاوی ئەو بڕیارەم بەسەر زمانان داهات، هاوڕێ دەگەڵ ئەوەی کە گسکەکەشی پێ بوو و لە قولی گرتبوو و ولاتی گسک دەدا، هەڕای کردمێ و لەماڵ وەدەری نام و شـارەوەدەری کـردم و لێگدا لێگداش بە دەنگی بەرز دەینەڕاند:

بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ.... بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ... زووبە زووبە هەڕاکە! بەهیچ کلۆجێک ڕانەوەستی و نەکەی بوەستی. هەڕاکەو هەرچی زووتر خۆت بگەیەنەوە قوتابخانە! دەنا ئەم حەشیمەتە ورگ زلە مفتەخۆرە بێ چاوڕووەی وا بەخۆتەوە دەبنە سێزدەی نەحس هەربینا هاتنەوە و وەژوورکەوتن و سەروسەکوت و سەروپۆتەڵاکی نامبارەکیان لەئاسۆی ژوورەکەمان وەدیارخست و بیرگە و مێشکیان شڵەژاندین و ورگ و زگیان شێلاین و ماڵیان ڕماندین. بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ.... بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ... ببـڕا و ببـڕا نەخەڵەتابی لەمەوبەدوا بیری پشوودان و مانەوە لەماڵت بەبیری دابێ و بیرگەت ختووکە بکا... نا، نا.... هەڕاکە هەڕاکە! هەربینا ئەو گەلحۆگەلحۆیانە هاتنەوە و سەرلەنوێ هێمنایەتی ژیانی ئاساییان شێواندین و سوکنایی و هێوری ناوماڵیان ڕفاندین و ماڵ و حاڵیان ڕماندین، تەنانەت ئالا و والای زارۆکانیان ژاکاندین و منداڵ و زارۆکانیان تۆقاندین، ئەو تۆقی نەعلەتانە!، ڕەببی ماڵیان بەسێ چەپەی قـوڕێ گـیـرێ!.... بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ تا ئەو بەڵا لابەلایانە و ئەو کوندە ماڵ کاول کەرانە نەهاتوونەتەوە. بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ... بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ.

من کە تا ئەو کاتە بە هۆی کەم ئەزموونی و کەم تەمەنیم و پاراستنی مەرجی باوی گەورە و چکۆلەیی، چم نەدەگوت و هەر گـوێم ڕادەگرت و خـۆم دەخواردەوە و خـۆم دەبوارد لەوەی قسەیەکی ناجایز بکەم، خۆم پێ ڕانەگیرا و لە پڕێک دا کوتم:

"کـائالێ گـیـان! یوونس بوون تێـچـووی هەیە!"- ببوورن: "کایوونس گیان، ئالێ بوون تێچووی هەیە!"

خوا کا بەڕێوەبەرمان وەحەسێنێ کە بەو پیلانەی- ببوورن: "بەو پلانەی"- چ توخم و تۆوی غیاب و میابی نەهێشتن و ئەم پەتا ناکۆکی هێنەرەی بنەبڕ و خاشەبڕ کرد. هەربژی کا بەڕێوەبەری خۆمان بۆ پیلانی- ببوورن: "بۆ پلانی"- بێ وێنەی و چارەسەری حاکمانەی- ببوورن: "چارەسەری حەکیمانەی"- !

**١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی**